# گوڵێکی سوور



عەباس مەعروفی
لەفارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

ئێوارەش ئەوەندە گەرم بوو دەتوت تەندوریان داخستووە. شەقام و جادەکانیان ئاوڕشێن کردبوو بۆنی هاڵاوی زەویەکە مۆنجی دەدایەوە. لە ئاو ساردکەرەکەی بەردەمی گۆڕستانەکە ئاومان خواردەوە و چووینە ئەو دوکانەی کە خورماو نوقڵیان دەفرۆشت. بەرد تاشەکان لە دوکانەکانیان هاتبوونە دەر و بە چەکوچ و قەڵەم کێل بەردەکانیان هەڵدەکۆڵی و گوڵیان لە گۆشەکانیان دەنەخشاند و لە لای سەرەوەی دەیاننوسی: (هو الباقی).

لە هەرچوارلاوە زایەڵەی بڵندگۆکان دەهات. منداڵە سواڵکەرەکان بەدوای ژنەکان دەکەوتن و دوو سەگی سپی لە نوای پەرژینەکە، لە پشت دارە تۆز و خۆڵاویەکان نوستبوون. دنیا زۆر گەرم بوو دەتوت جەهەنەمە.

پاکەتێك کورسی نەعنامان کڕی و گەڕاینەوە قەبرستانەکە. زەری وتی: (لە بیرت نەچێت هەرچی خەرجت کرد پاشان ...)

وتم: (گوێی مەدەیە.)

ڕاوەستا. ڕووی گرژ و مۆن کرد و نەیهێشت لاسای بنیادەمەکانی پێشوو بکەمەوە: (ئاخر دایکم پێی ناخۆشە. پێشتریش پێم وتبووی.)

گرێی لەچکەکەی کردەوە و ئەوجا توند لەژێر چەناگەی بەستی. پاشان کەوتەڕێ: (نابێ هەر لەئێستاوە ئەوەندە سەخی و دڵاوا بی.)

لەچکەکەی سەری دەخزیە خوارێ و پرچە لووس و خورماییەکەی لەژێر تیشکی کاڵی ڕۆژدا دەبریسکایەوە. هەستمدەکرد هەوایەك کز بووە. لەوانەشە لەو جلە ڕەشانەدا وا دەردەکەوت. ڕەنگی پەڕی بوو. چونکە لە دوێنێ شەوەوە کە باوکی مردبوو، ئاو ڕاوەستابێ ئەو ڕانەوەستاوە و گریابوو زەوادی نەچوبووە سەر زاری. دەبوو شانبەشانی مابامەوە و ئیشەکانم دەکردن.

کاتێك خاڵم ئێوە خۆش، لەسەر سەری وەستابووین. وەك جاران تەخت ڕاکشابوو، پێیەکانی جووت و دەستەکانی بە درێژایی لەشی، گوایە نوستبوو. چاوی نوقاوو شەویلاگەی قژ، بەردەوام دەچووینە ژوورەکەی و واماندەزانی مردووە. دڵمان بەردەبۆوە. پاشان خاڵم چاوی هەڵێنان و زوو لاخێز دەبوو: (لەکوێوە دێی، خاڵە گیان؟)

بەڵام ئەمجارەیان جینگڵی بۆ نەدرا. ڕەق و تەق وشك ببوو. دکتۆر وتی: (بەڕاستی بەداخەوە... ئیدی، دەبێت بڕۆم.) لێفەکەی بەسەر ڕووی خاڵمدا هەڵکێشاو وتی: (یەکێك لەگەڵم بێ تا وەفاتنامەی بدەمێ بیهێنێت.)

وتم: (من دێم.)

ئەوەندە ماندوو بووم حەزم دەکرد شوێنێکی چۆڵ وەدۆزم و خپ لێی بکەوم. کە باوکم دەڕۆیشت، وتی: (دەمێنیەوە و خاڵۆژنت دەبەیەوە ماڵێ.)

وتم: (چما ئەو نایەتەوە؟)

وتی: (نا، قەرارە تا خۆرئاوایە لەپەنا قەبرەکە دابنیشێت.)

پاشان هەموویان ڕۆیشتن و سێ کەس لەوێ ماینەوە. زەری وتی: (دەبێت لەسەر گۆڕەکەی چ بنووسین؟)

وتم: (چووزانم، دەبێت بۆخۆتان بڕیار بدەن.)

دیسانەوە ڕووی تێکنان: (بۆ خۆت دوورە پەرێز دەگری؟ لەبەر من نا.)

بەسەر قەبرەکاندا ڕۆیشتین و بەدوری نازانم ئارامگە خێزانیەکاندا سوڕاینەوە. دایکی زەری بەتەنێ لەپەنا قەبرەکە دانیشتبوو. من پاکەتە نەعناکەم هەڵپچڕی و بۆ خەڵکەکەم ڕاداشت. چەند منداڵێك دەوریان لێدام و دەستیان پان گرتەوە.

وتم: (بەسە تۆ نا، منداڵینە دووركەونەوە.)

هەرچی مایەوە لەسەر قەبرەکەم دانا. دایکی زەری لێی هەڵڕوانیم و سەری لەقاند: (ماندوو بووی.)

وتم: (چم کردووە.)

وتی: (بۆ، بۆچی، لەدوێنێ شەوەوە دانەنیشتووی.)

سەری بەردایەوە و لەگڵە تەڕەکەی سەر قەبرەکە ڕاما. پاشان من و زەری دووركەوتینەوە و لەقەرۆخ پەرژینێك دانیشتین و تەماشامان کرد. وەك ژنە قورئان خوێنەکان خۆی ڕادەژاند. خانووی ئارامگە خێزانیەکان بە ناتەواوی لەهەموو لایەکی گۆڕستانەکە دەبینران و جاری وایە تا ناوەڕاستی مەیدانەکە هاتبوون. خانووی مردن شتنی بنمیچ قووڕی سەر گومبەز، کەوتبووە پەنا

دەرگای چوونە ژوورێ. پەنجەرەیەك شوشەی پێوە نەبوو، دار مەیتە تێکشکاوەکە بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرا بوو.

زەری پرسی: (دێی یان نا؟)

وتم: (بۆ کوێ؟)

(ڕامەبوێرە، دێی یان نا؟)

(ئاخر بۆ کوێ؟)

خۆی بادا: (مەشهەد ئیدی.)

وتم: (چم داوە لە کێبەرکێ؟)

وتی: (دەی لەوێ بخوێنە. ماڵێتان دێن، ئێمە هەمووما پێکەوەین، تۆ دەتەوێت نەیەی. حەتمەن لەبەرخاتری ئیکبیری.)

نەخێر. لەبەرخاتری هیچ کچێك نەبوو. هەستم دەکرد زەری وەك دایکێك کە دایم و دەرهەمی خوای خەمی منداڵەکەی بێ، هێندەی هەموو دنیا خەمی منیەتی. دەترسام بەردەوام بێت و لەگەڵی هەڵنەکەم. کەشوهەوای ماڵەکەیان قەبزو ناخۆش بوو. خاڵە گەورەکەمان ئەوەندە پیر بوو بە باپیری زەری دەشیا. ڕۆژی جەژنی نەورۆز ڕانکوچۆغەی خاوێن و ئوتووکراوی کردبووەبەرو بۆی گەورە بوو. وەك منداڵێك جلی بابی کردبێتەبەر. زەری چاو میوەی دێناو دایکی زەری باسی ئەو شەو و ڕۆژانەی دەکرد کە وەك تیسکەی تفەنگێ بەژیانیاندا دەگوزەران و بەرگەگرتنی ساتێکی بۆ من عەزاب بوو. باسی خاڵمی دەکرد کە لەبیری دەچێتەوە دەرمانەکانی بخوا.

دەی وت: (هەرچییەك بێت پیاوی ماڵەکەمانە. دەبێت بەخەمیەوە بین.)

خاڵە لەسەر تەپڵەکێکی ڕەنگ هەنگوینی گچکە دانیشتبوو، بەشەرمەوە چاوەکانی لەگوڵی مافورەکە دەبڕی، دەستی تێکهەڵ دەسوون و هەندێکجار نەرمە کۆکەیەکی دەهاتێ.

زەری وتی: (بابە جەژنانەم نادەیەی؟)

دایکی وتی: (کیسەباخەڵەکەت پارەی تێدایە... وردەکان تاودەیە...)

خاڵم چاوێکی لێکردو بەپێکەنینەوە، کیسەباخەڵەکەی دەرهێنا: (وەرە بۆخۆت چەندت پێخۆش بوو هەڵیگرە.)

دایکی زەری پێکەنی و سەری لەقاند: (ئامان لە دەستی تۆ.)

هەندێك ئێواران من و زەری لە ژوورەوە بەرەو ڕووی حەوشەکە دادەنیشتین و فیلممان دەدی. زەری تابلۆی کوڕە گریاوی دەچنی و پچڕ پچڕ قسەی دەکرد. لە موتبەقە قولپە قولپی چێشتلێنانی دایکی دەهات.

زەری دەی وت: (لەچوارچێوەی دەگرین بۆ ژووری میوانان.)

ژوورەکە ئاشی ئاو لێبڕاو بوو، حەزم دەکرد تێی تەقێنمە دەرێ. وتم: (بۆچی داکت ئەوەندە کەنەفت بووە؟)

زەری وتی: (چووزانم.)

(بۆتە چل ساڵ؟)

(بەڵێ.) کەوتەوە چنین. دایکی زەری بەدزی هاتبووە ژوورێ و لەپەنا پەنجەرەکە، لەبن سەماوەرەکە دانیشتبوو. بێدەنگ بوم و قرۆقەپ دانیشتم. دایکی زەری جارجار لێم دەوەستایەوە و دیسانەوە خۆی بە ئیستکانەکانەوە دەخافڵاند.

وتم: (دەبێت بڕۆم.) هەستام.

دایکی زەریش هەستا: (بۆ کوێ؟ چێشتم لێ ناوە.)

پاشان دەنگی کۆکەی خاڵم هات. دایکی زەری وتی: (با خواردنەکەی بدەمێ، ئێستا نان دێنم.) چوو بۆ موتبەق.

زەری تابلۆکەی وەلانا: (وەڕز بووی؟)

وتم: (نا، دەمەوێت بچم دەور بکەمەوە.)

(دەتەوێت لاپەڕەت بۆ نیشانە بکەم؟)

وتم: (نا.)

پاشان دیسانەوە کۆکەی خاڵم هات. وتم: (ئەگەر نەکۆکێت هەرکەس لەبیریشی نییە.)

زەری وتی: (قسەی خۆمان بێت دایکم زۆر مشوری دەخوا، لە بەیانییەوە تا شەو ئیش دەکات، چی کە بکات؟)



عەباس مەعروفی

هەمیشە دەمدی جلەکانی ئوتوو دەکات، شتی بۆ ئامادە دەکرد، ڕۆژێ دوو سێ جار چای بۆ دەبرد، بەڵام هیچ هەستێك لەچاوەکانیاندا نەدەبینرا. دەت وت ژن و مێرد نین. ئەو شتانە بنیادەمی بێزار دەکرد.

قورئان خوێنی پیرو کەنەفت دوای کەمێك وەستان لەپەنا قەبرەکە هاتە کنمان و وتی: (سوورەتێك بخوێنم؟)

وتم: (نا، خۆ خان نییە بەسە؟)

ڕۆیشت. زەری وتی: (ژیانی هەردووکیان داغان بوو. دەزانی؟ دایکم ئارەزویەکی لەژیاندا هەبووە، تاکە ئارەزویەك، کەس ئەوە نازانێت، هەتا بابیشم نەی زانیووە. دایکم لەمنداڵییەوە پێیخۆش بووە کە مێردی کرد، مێردەکەی گوڵی بۆ بێنێت، بەڵام بابم ئەوەی هەر نەزانی.)

وتم: (کێ ئەوەی پێ وتی؟)

وتی: (دایکم، دوێنێ شەو.)

وتم: (ئێستا بڕۆ بە دایکت بڵێ بڕۆین.)

یەکسەر گەڕایەوە و بەپاڕانەوە وتی: (نا، با دابنیشێت، لێت دەپاڕێمەوە.)

(بۆ؟)

(دەی. چۆن پێت بڵێم، دایکم....)

تەماشام کرد. گرمۆڵە ببوو نەیدەزانی چ بکات. وتم: (بۆ کە زیندوو بوو نەدەچووە لای دابنیشێت؟)

زەری وتی: (مەسەلەکە ئەوە نییە.)

پرسیم: (ئەدی چییە؟)

سەری هێنایە پێشێ و وتی: (دایکم وتی: بابم پێرێ شەو کە حاڵی تێکچووە وتوویەتی: داوایەکم لێت هەیە. دایکم وتوویەتی: چییە؟ وتوویەتی: ئەگەر مردم، یەکەم ڕۆژ لەقەبرەستانەکە بەتەنیا جێم مەهێڵە. وتوویەتی: تەنیا هەر یەکەم شەو کە هەموو ڕۆیشتن تۆ تا خۆرئاوایە لەلام وەمێنە، دەترسێم.)

وتم: (نازانم بۆ، منیش شەوانە لە قەبرەستان دەترسم.)

وتی: (لەترسان زارەترەك دەبم.)

باوێشکێکم هاتێ و وتم: (خۆزگە ئەودەمە دەهات بڕۆمەوە ماڵێ و خپ بخەوم.)

وتی: (تۆ کە تائێستا دانت بەخۆتدا گرتووە.)

کەوتینە تەماشاکردن. لەخۆڕا خاڵە گەورەکەمم بیرهاتەوە کە دایم و دەرهەمی خوای نەخۆش بوو. زۆرجار لە ژوورەکە ڕووە و حەوشە لەسەرەوە تەنیا بوو. شەوو نیوەشەوان کۆکە کۆکەکەی دەبیسترا. هەرکە بانگیان دەکرد دەهاتە خوارێ. نانی نیوەڕۆ یا ئێوارەی دەخوارد و بە کۆکە کۆك بە قادرمەکاندا دەچۆوە سەرێ و لەسەر تەختەکەی ڕادەکشا. ڕێك وەك کە مردبوو. نازانم بۆ دەکەوتمە بیری کشوماتی و ئۆرگی کڵێسا. دایکم دەی وت: (بۆخۆی حەسایەوە.)

دایکی زەری وتی: (پێم بڵێ دەبێت کێ بۆ ختمەکەی بچێتە مزگەوت؟)

وتم: (من.)

حەشاماتێکی زۆر هاتبوو. لە ژوورەکانی سەرێ و خوارێ شانەوشان دانیشتبوون. هاوکارەکانی پێشوی خاڵم لە سوچێکی حەوشەکە لەبن دارخورمالووەکە دەدوان. دایکی زەری سینیەك چای دامێ و وتی: (دەبێت نانی نیوەڕۆیان بدەینێ، چ بکەین؟)

وتم: (لەسەرێ خەریکی کەباب کردنن، دەچم بزانم چیان کردووە.)

زەری وتی: (تۆ بڕۆ کەمێك ڕاکشێ، دیسانەوە لاقەکانت دێشن.)

تەماشام کرد. نای قسە کردنی نەبوو، بەڵام وتی: (لێگەڕێ، من مامم بەڕێ دەکەم بڕوات.)

وتم: (چووە بەدوای ئەمبولانسدا.)

وتی: (یانی کەس نییە. تەنیا دەبێ تۆ بچی.)

وتم: (چما من ناتوانم؟) سینیە چایەکە لە دەستم خزی و ئیستکانەکان پەڕین.

زەری وتی: (وەرە، باسی ئەو شتانەت بۆ دەکەم. تۆ گێژی. ماندووی. کەمێك....)

وتم: (تۆ هەڵمەچوو چوکەڵە.)

هەولێدا پێ نەکەنێت. بیرم لە داهاتوو دەکردەوە کە دەبوو لەسەرێ دەکەوتم، زەری دەستی بەماڵێدا دەهێنا. هەمووی شێو لێنان و قۆپچە لێدان و دان دانە بە کەناریەکان. جارجارە لەپەنا پەنجەرەکە، لەبن سەماوەرەکە دادەنیشت و دەکەوتە چنین. بە دایکمم وت: (رام گۆڕاوە. ناتوانم.)

دایکم دەی وت: (چما زەری عەیبی چییە؟ دەبێ مەمنوونیش بی. دەڵێی گوڵە.)

دەم وت: (هەر حەزم لێ نییە.)

دایکم دەی شیڕاند: (قسەت بۆ کچەی هەڵبەستووە. داناوەشێی؟)

چی وای بۆ ئێوارە نەمابوو. خەڵکەکە لە گۆڕستانەکە دەچوونە دەرێ. پیرەمێردێکی باڵابەرز، چاکەتوپانتۆڵ خۆڵەمێشی، گۆچانەکەی لەبن هەنگڵی نابوو، سەر دەرکەی ئارامگایەکی بۆ منداڵە دە دوازدە ساڵەکان دەخوێندەوە کە لەگەڵی بوون. وردە وردە دەچووەوە پێش. دوو ژنی چارشێو ڕەش خێرا تێدەپەڕین و منداڵەکان بەردەوام بەدوای یەك دەکەوتن. گۆڕەپانەکە وردە وردە چۆڵ دەبوو دەنگی قایمی بلندگۆکان نەمابوو. بنیادەم تازیەبار دەبوو. دایکی زەری بەدەستی گڵەکەی تەخت دەکرد. گوایە لەبن لێوی شتێکی دەوت. زەری لەپرمەی گریانی دایەوە.

وتم: (بۆ هێندە دەگریەی؟)

سەری لە دەستە سپیکەڵەو وردەکانیدا شاردەوە.

وتم: (بۆ کێ دەگریەی؟)

پچڕ پچڕ وتی: (بۆ داکم.)

(بۆ؟)

هەردووکمان تەماشامان کرد. دایکی زەری ڕاوەستابوو. ویستم بچمەلای، دەستی هەڵوەشاند نەچین. وتم: (خەریکە دەڕۆین؟)

وتی: (نا، مێننەوە، ئێستا دێمەوە.)

لە گۆڕستانەکە وەدەرکەوت. ئێستا زەری کەمێك دوورتر دانیشتبوو تەماشای دەکردم. بژۆڵکەکانی پێکەوە نوسابوو.

وتم: (بۆ وا تەماشام دەکەی؟)

وتی: (بۆ؟ نابێت تەماشات کەم؟)

پێکەنیم. زەری خۆی گرژ کرد. دەت وت مانگی چواردەیە. وتی: (خەفەتانم زۆر دەدەیەی، ئاخر دنیا ئەوەی دێنێ؟)

پاشان دیتم دایکی لە دوورەوە دەهات. باڵای بەرزو چارشێوەکەی لەسەر سینگی بەدەستەوە گرتووە. ڕۆژ ئاوا ببوو. منداڵەکان بەڕیز لەسەر سەکۆی بەردەم ژوورەکەیان دانیشتبوون و یەکێکیان فیتوی لێدەدا. پێموایە بێ لە ئێمە گۆڕستانەکە زی روحی تێدا نەبوو. جار جارە فانۆسێکی داگیرساو دەبینرا. بۆنی شێی خاك، هەندێکجار هەناسەی بنیادەمی دەگرت. دایکی زەری لەپەنا قەبرەکە دانیشتەوە، بەدەستی گڵی تەنیشت قەبرەکەی تەخت کرد. پاشان چڵێك گوڵی سووری لەژێر چارشێوەکەی دەرهێناو لەسەر قەبرەکەی دانا.

ئەوجا هەستا: (بڕۆین؟)

کەوتینەڕێ. قەدبڕ ڕۆیشتین کە بەپەنا قەبرەکەدا بڕۆین. چڵە سوور گوڵێکی جوان و گەورە بوو. گەڵاکانی لەسێ لاوە دەوری گوڵەکەیان دابوو. دایکی زەری لەپێشمانەوە دەڕۆیشت و لەسەرخۆ پێی هەڵدێنا تا بیگەینێ. زەری بەدەستی سپی و شووش و باریکی چارشێوەکەی بەدەستەوە گرتبوو ئەنگوستیلەیەکی پیرۆزەیی گچکەی لە قامکی ناوەڕاستی کردبوو، وتم: (دێم.)

زەری پرسی: (بۆ کوێ؟)

وتم: (کوێت پێخۆشە.)

ئەودەم دایکی ئاوڕی دایەوە و بەبزەیەك تەماشامانی کرد، کە لە چاوەکانیشیدا مۆجی دەدایەوە. لە دەرکەی گۆڕستانەکە وەدەرکەوتین، بەردتاش و منداڵەکان ڕۆیشتبوون. تەنیا وردکە بەرد بەجێماوون.

**تاران - 27ی خاکەلیوەی 1985**



عەباس مەعروفی


دووەم